# قەیرانی ئاوارەکانی عێراق

ڕاپۆرتی بارودۆخ ژمارە. ١١ (٦ی ئەیلول – ١٢ی ئەیلول)

ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن نووسینگەی ڕێکخەری کاروباری مرۆیی لە عێراق بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوکارانی مرۆیی ئامادەکراوە. ماوەی ٦ی ئەیلول هەتا ١٢ی ئەیلول لە خۆدەگرێت. لەبەر گۆڕانی هەرمەکی بارودۆخەکە ئەگەر هەیە کە ژمارەکان و شوێنەکان بە لیستێك دانراون لەو ڕاپۆرتە چیتر دەقیق نەبێت. ڕاپۆرتی داهاتوو لە دەوروبەری ١٨ی ئەیلول دا بڵاودەبێتەوە.

## هەواڵە سەرەکیەکان

- ڤالێری ئامۆس، جێگری سکرتێری گشتی کاروباری مرۆیی و ڕێکخەری پێداویستی فریاگوزاری، بۆ سەردانێکی چوار ڕۆژە گەیشتە عێراق.
- یەك ملیۆن دەرزەنی دەرزی پێست بە گەشتی ئاسمانی نێردرایە دهۆك بۆ هەڵمەتێك کە ئامانجی بریتی بوو لە ١٦٩٤٢١ ئاوارەی ناوەخۆ کە تەمەنیان لە نێوان ٩ مانگان تاوەکو ١٥ ساڵان دەبوو.
- لەوەتەی مانگی ١ی ٢٠١٤ ژمارەی ئاوارەکان گەیشتۆتە ١,٨ ملیۆن ئاوارە لەسەرتاسەری سەرووی ١٥٠٠ شوێن.



The boundaries and names shown and the designations used on this map do not imply official endorsement or acceptance by the United Nations.

## تێروانینێکی بارودۆخەکە

لەوەتەی مانگی ١ی ٢٠١٤، نزیکەی ١,٨ خەڵك ئاوارەبوون بەهۆی ململانێ کە ئێستا لە زیاتر ١٥٠٠ شوێن نیشتەجێبوون لەسەرتاسەری عێراق. ئاوارەکانی ناوەخۆ بەدوای شوێنی نیشتەجێبوون دەگەڕێن لەهەر شوێنێك بتوانن، لەوانە: قوتابخانەکان، باڵەخانە تەواو نەکراوەکان و لە شوێنی کراوە. لە هەرێمی کوردستان – عێراق زیاتر لە ٨٦٠٠٠٠ ئاوارە هەن و بەکارهێنانی قوتابخانەکان بۆ شوێنی نیشتەجێبوون بۆتە هۆی دواخستنی دەستپێکی ساڵی ئەکادیمی ٢٠١٥/٢٠١٤ بۆ زۆربەی منداڵان، بەتایبەتی لە دهۆك، کە نزیکەی لەسەدا ٦٣% ی ئاوارەکان جەختیان لەسەرکراوەتەوە. نیگەرانیەکان ڕوولە زیادبوون دان کە ئەگەر چارەسەرێکی بەپەلە و خێرا نەدۆزرێتەوە بۆ دووبارە کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکان دەبێتە هۆی پاڵەپەستۆ بەرەو ڕووی ئاوارەکان.

لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٣ وە هەرێمی کوردستان بەهەشتێکی ئارام بووە بۆ خەڵکی کە هەڵدەهاتن لە شەپۆلەکانی توندوتیژی عێراق، هەروەها لە ئامێزگرتنی ئاوارەکانی سوریا بەهۆی سێ ساڵەی شەری ناوەخۆ. بەڵام هەندێ ئاماژە هەن کە دەستگەیشتن بە هەرێم زیاتر ئەستەم بووە، بەتایبەتی بۆ ئەو ئاوارە نوێیانەی کە دەیانەوێت دەستیان بگات بە پارێزگای هەولێر لە پارێزگای کەرکوکەوە.

+ For more information, see “background on the crisis” at the end of the report


www.unocha.org
The mission of the United Nations Office for the Coordination of Humanitarian Affairs (OCHA) is to mobilize and coordinate effective and principled humanitarian action in partnership with national and international actors.
Coordination Saves Lives

شەڕو پێکدادانی توند بەردەوامە لە باکور و ڕۆژهەڵاتی عێراق، کە مانای ئەوەیە ژمارەی ئاوارەکان ئەگەری زۆری هەیە زیاد بکات لە مانگەکانی داهاتوودا. ڕاپۆرتە پشتڕاستنەکراوەکان لە سەرکردەکانی ناوەخۆ لە بەلەد، پارێزگای دیالە، ئاماژە بەوە دەکەن کە سنورداركردنی ئاو هاتۆتە کایەوە لەلایەن داعش لەسەر دانیشتوانی ناوەخۆ کەلەوانەیە ببێتە هۆی ئاوارەبوونی زیاتر لە ١٣٠٠٠٠ خەڵك لە مانگەکانی داهاتوودا.

## وەڵامدانەوەی مرۆیی

لە ڕۆژی ١٠ی ئەیلولی ٢٠١٤ وۆرکشۆپێکی پلاندانان بەهاوبەشی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی ناحکومی بەڕێوەچوو. وۆرکشۆپەکە، لەلایەن حکومەتی هەرێم – وەزارەتی پلاندان بەسەرکردایەتی بەرێز وەزیری پلاندان عەلی سندی بەڕێوەچوو بۆ پەرەپێدانی پلانێکی ئۆپەراسیۆنی ماوە کورت بۆ پڕکردنەوەی پێویستیە بەپەلەکانی ئاوارەکان و کۆمەڵگاکانی خانەخوێ بۆ دوو مانگی داهاتوو. کێڤن کێنێدی، جێگری ڕێکخەری مرۆیی عێراق لە دەستپێکی قسەکانی لە وۆرکشۆپەکە ووتی: "ئێمە ناتوانین لە دوو مانگدا هەموو شتێك بکەین. ئێمە دەبێت ڕوونی بکەینەوە کە چیمان پێ دەکرێ و چیمان پێ ناکرێ. ئێمە پێویستە جەخت لەسەر کارە سەرەکیەکان بکەینەوە" پلانەکە ئامانجێتی کە شووێنی نیشتەجبوون و خۆراك و تەندروستی و ئاو و ئاوەڕۆ دابین بکات بۆ ئەو ئاوارانەی کە زۆر زیانیان بەرکەوتووە و گۆڕینی شوێنی ئاوارەکان لە قوتابخانەکان بۆ شوێن نیشتەجێ ی جێگرەوە بۆ ڕێگەدان بە دەستپێکی ساڵی نوێ ی خوێندن.

### ئاو و پێداویستی تەندروستی و خاوێنکەرەوە

پێویستیەکان:

- دامەزراندنی کەمپی ئاوارەکان بەپەلە بۆ نیشتەجێکردنی ئاوارە گواستراوەکانی پلان بۆ دانراو، بەتایبەتی لە قوتابخانەکان، داوای خێراکردنی ئاسانکاریەکانی ئاو و ئاوەڕۆ دەکەن لە دهۆك و هەولێر و سلێمانی.
- نەبوونی ئاو و چارەسەری کیمیایی و کەمی بەنزین کە کاریگەری دەبێ لەسەر پرۆژەی ئاو لە پارێزگای ئەنبار.

وەڵامدانەوە:

- ١٠٠٠٠ ئاوارە لەسەر شەقامە سەرەکیەکانی کە شارۆچکەکانی نەجەف و کەربەلا بەیەکەوە گرێ دەدا ٢٠٠٠٠٠ لیتری ئاو بۆیان دابین کراوە. ئەمە یەکسانە بە ٢٠ لیتری ئاو بۆ هەر کەسێك.
- چاککردنەوەی ئاسانکاریەکانی خاوینکردنەوە بۆ ٢٤٢ ئاوارە تەواو کراوە.
- ٢١٧٣٢٥ خەڵك بوتڵی ئاو بۆیان دابینکراوە و ٣٥٩٩٥٤ خەڵك دەستیان دەگات بە ئاوی خاوێن لە ڕێگەی سەرچاوەکانی تر لە هەولێر و دهۆك و سلێمانی.
- ١٢٠٠٠ ئاوارە پێداویستیەکانی خێزانی بۆ ئاو لە قەزای شافیە لە پارێزگای قادسیە دابینکراوە.
- ٣٤٤٦٤٧ خەڵك کەل و پەلی ناوماڵ بۆیان دابینکراوە لە هەولێر و دهۆك و سلێمانی.

کۆی ئاوی سەرەکی کە پێویستە لەژێر ستانداردەکان بریتی یە لە ٧,٥ – ١٥ لیتری ئاو بۆ هەر ڕۆژێك بۆ هەر کەسێك.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- دانیشتوویەکی زۆری ئاوارەبوو لە پارێزگای دهۆك لە شارەکانی زاخۆ و دهۆك لە سەنتەرەکانی کۆکرنەوە، قوتابخانەکان و شوێن نیشتەجبوونە نافەرمیەکان دەژین کە پێویستیەکی زۆریان بە ئاسانکاریەکانی خاوێنکردنەوە هەیە.

- پێناسەکردنی شوێنی ئاوارەکان، هەڵسەنگاندنی پێویستی و وەڵامدانەوە ئەستەمن بەهۆی زۆری ژمارەی شوێنی ئاوارەکان و گۆڕانی دانیشتووان.

- سنورداركردنی ئەمن و ئاسایشی شەقامەکان و دواخستنی ماوە درێژ لە بەدەستهێنانی پاككردنەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی پەیوەندیدار کاریگەری دەخاتە سەر لێهاتوویی و خێرایی وەڵامدانەوەی ئاو و ئاوەڕۆ.

- توانای ڕێکخراوە ناحکومیەکانی ناوەخۆ کە وەڵامی قەیرانی ئاوارەبوون دەدەنەوە لە ناوچەکانی کە پێشتر لەوێ نەبوون سنوردارە. بەمەش داوای باشتربوون دەکرێ لەسەر ئاستی هاوکاری کە دابین کراوە بۆ ڕێکخراوەکانی ناوەخۆ لە ناوچەی کارگێری و بەڕێوەبردن.

## ئاسایشی خۆراك

پێویستیەکان:

- ژمارەیەکی زۆری ئاوارەکان ڕووبەڕووی پێشبرکێ و پێویستی دەبنەوە و بێ هیوا بوون لە ژیان، بەتایبەتی لە پارێزگاکانی ئەنبار، دهۆك و هەولێر.

وەڵامدانەوە:

- گروپی ئاسایشی خۆراك لە ٢٤ی ئاب بۆ ٧ی ئەیلول لە ١٢ کۆبوونەوە ئامادەیی هەبووە کە نیگەرانی بەڕێوەبردنی زانیاری و ئاسایشی خۆراك و بەڕێوەبردنی کەمپە. ڕێکخەری گروپ کۆبوویەوە لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی کشتوکاڵ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ باسکردنی وەڵامدانەوەکانی ئاسایشی خۆراك.

- گروپی هاوکاران پێشنیارەکانی ڕادەستی ڕێکخراوی پرۆگرامی خۆراکی جیهانی کرد بۆ جێبەجێکردنی خشتەیەکی پسولە بۆ ئاوارەکان. ئەو برە پارەیە و گروپی کارکردن لەسەر تەکنیکی پسولە کە کاریکی ئۆپەراسیۆنیە، لەگەڵ هاوکارانی ئێستا: وۆرلد ڤیژن و World Vision, UNHCR, FAO, ACTED, Mercy Corps, WFP and FSC.

- دواکات بۆ هاوکاران بۆ ڕادەستکردنی پرۆگرامی پێشنیارکراو بۆ ٢٠١٥/٢٠١٤سیستەمی پرۆژەی سەر هێڵی ئینتەرنێت درێژکرایەوە بۆ ٢١ی ئەیلول، بۆ دڵنیاکردنەوەی پابەندبوون لەگەڵ ستراتیژی پلانی وەڵامدانەوە.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- دەست گەیشتنی مرۆیی هێشتا بەستراوەتەوە، هەرچەندە دابەشکردنەکان بەرەو پێشەوە دەچن لە ناوچە نوێیەکانی ئەنبار و موثنی بەردەوامە لەگەڵ وەڵامدانەوەی تەواوی عێراق.

- زیادبوونی پێشبینیکراو لە ژمارەی ئاوارەکان فشار دەخاتە سەر توانای ئێستای هاوکاران، دانیشتووانی خانەخوێ و کەمپەکان. بەرزکردنەوەی توانا داواکراوە بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکانی ئێستا.

## شوێنی حەوانەوە و ماددەکانی کە خۆراك نین

پێویستیەکان:

- ئاوارەبوونی بەردەوام لە ئەنبار ڕاپۆرتکراوە. پێویستیە سەرەکیەکانی ئاوارە نوێیەکان بریتین لە خۆراك و کەل و پەلی ناخۆراکی وەکو شوێنی نیشتەجێبوون و ئاو و هاریکاری دارایی و چاودێری تەندروستی و پاککەرەوە.

- پێویستی بەپەلە بۆ ئاوارەکانی کەرکوك بریتین لە شوێنی نیشتەجێبوون و فەرش و بەتانی و ئامێری چێشتلێنان و خاوێن کەرەوە.

- پێویستیە سەرەکیەکان بۆ ئاوارەکانی پارێزگای سەلاحەددین بریتین لە کەل و پەلی خۆراك و ڕەشماڵ، لەو کاتەی لە پارێزگای موسڵ ئاوارەکان داوای شوێنی نیشتەجێبوون و کەل و پەلی ناخۆراکی و کەل و پەلی خۆراکی و خزمەتگوزاریەکانی پزیشکی و هاوکاری ماددی دەکەن.

وەڵامدانەوە:

- گروپی دابینکارانی کەل وپەل ٢٤٨٣ پێداویستی تەواوی کەل و پەلی ناخۆراکی دابەشکرد لە هەولێر و دهۆك و کەرکوك و بەغدا و دابەشکردنی ١٥٠ ڕەشماڵیش لە میسان.

- ٥٩٣ سندوقی فێنیکەرەوە دابین کراون لەلایەن گروپی کەل و پەل لە شاری دهۆك.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- چوار خاڵە سەرەکیەکەی چوونەژوورە بۆ ناو کەرکوك ڕاپۆرتکراوە کە داخراون لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوانەی کە ناسنامەی دیاریکراوی کەرکوکیان پێ نەبێت. لەهەمان کاتدا هیچ ڕاپۆرتێك نیە لەبارەی جولەی خەڵکی ئاوارەبوو لە کەرکوکەوە بۆ پارێزگای هەولێر.

- وەڵامدانەوەی مرۆیی لە ئەنبار زۆر کەمبۆتەوە، وەکو زۆربەی گوندەکان، شارەکان و قەزاکان ئێستا لە ژێر کۆنترۆڵی گروپە چەکدارەکان دایە لە بەرامبەر حکومەت.

- دەسەڵاتدارانی ئەنبار تەنها ئەو ئاوارانە تۆمار دەکەن کە دەکەونە قەزاکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی.

## تەندروستی

پێویستیەکان:

- شەش لە منداڵە نەخۆشەکانی ناوەخۆ لە نەخۆشخانەی حەوێجەی کەرکوك ڕاپۆرتکراوە کە کوژراون لەلایەن هێرشێکی هێزی ئاسمانی لە ٦ی ئەیلول لە ماوەی ئۆپەراسیۆنەکانی بەرگری لەدژی هێزەکانی داعش و هاوکارانیان. ٢٠ لە خزمەکانی منداڵەکانیش برینداربوون، هەروەها دوو پەرستاریش.

- یەك نەخۆشخانە و چوار باڵەخانەی چاودێری تەندروستی سەرەتایی کە چاودێری تەندروستی سەرەتایی دابین دەکەن لە باکوری ڕۆژئاوای پارێزگای موسڵ لە شارۆچکەی سنجار. خزمەتگوزاریەکانی کوتانی بەرگری بوونی نیە و داوای گواستنەوەی دەرزیەکان لە باج یان نەخۆشخانەکانی تەلعەفەر دەکرێ.

وەڵامدانەوە:

- پلاندانان بۆ هەڵمەتێکی کوتانی دژی نەخۆشی پێست لە پارێزگای دهۆك ١٦٩٤٢١ ئاوارەی کردبووە ئامانج، تەمەنیان لە نێوان ٩ مانگی تاوەکو ١٥ ساڵان بوو، کە لە ٨ی ئەیلول ٢٠١٤ دەستی پێکرد. ١ ملیۆن دەرزەنی دەرزی دژی نەخۆسی پێست بە گەشتی ئاسمانی ئەنجام درا بۆ هەڵمەتێکی ١٥ ڕۆژی.

- لە دوای کۆتایی پێهێنانی گەمارۆی ئەم دواییەی شارۆچکەی تورکمانی لە ئامرلی، لە پارێزگای دیالە، دەرمانی زۆر پێویست، لەوانە تەڕکردنەوەی دەم و پێداویستیەکانی ووشکبوون، کۆمەکی خۆراکی و کۆمەکی پزیشکی، گەیەنراون. پێشبینی دەکرێ کۆمەکیەکان پێویستیەکانی دانیشتوان پڕبکەنەوە بۆ دوو مانگی داهاتوو.

- بیناتنانی ١٦ ژووری باڵەخانەی نۆرینگەی تەندروستی گشتی لە دهۆك لە کەمپی ئاوارەی باجێت کەندەڵە خشتەی بۆ دانراوە کە بەم زووانە دەست بەکاربێت. ئێستا ٣ دکتۆر و ١٧ ستافی یاریدەدەری پزیشکی کە ڕاوێژکاری دەکەن لە نێوان ٥٠٠ – ١٠٠٠ خەڵك ڕۆژانە لە باڵەخانەیەکی بچووك.

- هەڵسەنگاندنێکی خۆراکی بەپەلە لە پارێزگاکانی کەربەلا و نەجەف و واسیت تەواو کرا.

- نۆرینگەی ئاوارەکانی کەمپی گەرماوەی دهۆك لەژێر پرۆسەی دووبارە دانانەوە دایە. خزمەتگوزاریەکان دابین کراون لەلایەن ستافی وەزارەتی تەندروستی.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- مووچەی کارمەندانی تەندروستی، لەوانە ئەوانەی کە لە ناوچە پڕ مەترسیەکان کار دەکەن، یان نەدراون یان دراون لەسەر بنەمای شاز. بۆ نموونە، لە سنجار دکتۆرەکان و پەرستارەکان لەوەتەی مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤ مووچەکانیان وەرنەگرتووە.

## پاراستن

پێویستیەکان:

- لەوەتەی مانگی ١ی ٢٠١٤ ژمارەی ئاوارەکان گەیشتوتە ٨٦٢٣٤٨ ئاوارە لەسەرتاسەری زیاتر لە ٤٢٥ شوێن لە هەرێمی کوردستان- عێراق و چوار قەزا جێناکۆکەکانی ئاکرێ و شێخان لە پارێزگای موسڵ و کفری و خانەقین لە پارێزگای دیالە.
- ئاسانکاریەکانی ئاوو ئاوەڕۆ کە خەڵکی پێداویستی تایبەت دەستیان پێ دەگات وەکو پێویستیەکی سەرەکی دەمێنێتەوە لە بەحرکە و کەمپەکانی تری ئاوارەکان.
- ئاوارەبوون بەردەوامە لە شارەکانی موقدادیە و خانەقینی سەر بە پارێزگای دیالە لە وەڵامدانەوەی ئۆپەراسیۆنەکانی سەربازی. لە هەفتەی ڕابردوودا، ٢٥٠ خێزان گەیشتنە خانەقین. هەندێ ڕاپۆرت هەن کە دەڵێن سنورداری ڕووبەڕووی ئاوارەکان بۆتەوە. هاوکارانی پاراستن چاودێری پەرەپێدانەکان دەکەن و لە پەیوەندی دان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ناوەخۆ بۆ پاراستنی مافی ئاوارەکان.

وەڵامدانەوە:

- بەردەوامی هەڵسەنگاندنەکانی چاودێریکردنی پاراستن لەوەتەی مانگی شوبات جێبەجێ کراون بۆ ٣٤٦١٨٨ کەس ٥٢٨٣٥ خێزان): ١٠٢٢٣ حالەت سەلمێنراون بۆ هاوکاری دارایی، هەروەك هاریکاری یاسایی بۆ ١٢٩١٥ حالەت دابین کراوە، و ڕەوانەکردنی ٤٧٤٢ کەس ئەنجام دراوە کە خاوەن پێداویستی تایبەتن.
- هاوکاری دەروونی بۆ ٨١٧٣ منداڵ و ١٢٤ قوربانی سێکسی و شێوەکانی تری توندوتیژی لەسەرە بنەمای ڕەگەزی دابین کراون. ١٣٧١٣ پێداویستی ئافرەتان دابەشکراون بۆ ئەو خەڵکانەی کە دەناڵێنن بەدەست توندوتیژی لەسەرە بنەمای ڕەگەزی. ٢٣١ خێزانی ئاوارە هەر یەکەیان فانۆسێکیان وەرگرتووە.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- سنوردارکردن لەسەر هاتنەژوورەوەی ئاوارەکان بۆ ناو خانەقین بەهۆی نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون و نیگەرانیەکانی ئەمن و ئاسایش لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

## پەروەردە

پێویستیەکان:

- منداڵانی قوتابخانە، لەوانە تەمەنی پێش قوتابخانە و کچانی منداڵ، دەناڵێنن بەهۆی دەرفەتەکانی دەستگەیشتن بە پەروەردە.
- خزمەتگوزاریەکانی دەروونی و تەندروستی بۆ منداڵان و مامۆستاکان پێویستە تەواوبکرێت وەکو بەشێك لە وەڵامدانەوەی پەروەردەیی بۆ ململانێیەکە، ئەمەش وەکو پێویستیەکی زۆر گرنگ دەمێنێتەوە.

وەڵامدانەوە:

- زیاتر لە ٨٦٠٠٠ منداڵ سوودیان وەرگرتووە لە پرۆژە جۆراوجۆرەکانی پەروەردەیی، لە دووبارە دانانەوەی قوتابخانەکان، کرێ ی خوێندنی زیاتر، و ڕاهێنانپێکردنی ١٦٠ مامۆستا.

- لەدوای پارێزگاری چرووپڕ، وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی فیدراڵ و وەزارەتی پەروەردە گەیشتنە ڕێککەوتنێك بۆ جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکانی بەکالۆریۆسی پۆلەکانی ٩ و ١٢ بۆ قوتابیە ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان.

- فرۆکە ئامادەکراوە بۆ گەیاندنی ماددەکانی تاقیکردنەوە لە بەغداوە بۆ هەولێر، هەروەك لەبەرچاوگرتنی ئەمن و ئاسایش بە باش زانراوە لە دژی گواستنەوەی ماددەکان بە بەکارهێنانی شەقام.

- ئاسانکاری بڵاوکردنەوەی فرە ڕاگەیاندن بۆ خشتەی تاقیکردنەوەکان، تۆمارکردن و سەنتەری تاقیکردنەوەکان بۆ قوتابیەکان و هاوکاران؛ و چاودێری کردنی پرۆسەی تاقیکردنەوەکان.

- کۆبوونەوەیەکی پارێزگاری دوو ڕۆژە لە نێوان وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی فیدراڵ و وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران، هەروەها نوێنەرانی پێنج پارێزگای زۆرترین زیان بەرکەوتوو، بۆ باسکردن لەسەر ئامادەکاریەکان بۆ پەروەدەی ئاوارەکان لەناو خودی هەرێمی کوردستان.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- هیچ ژمارەیەکی تەواو نیە لە منداڵانی ئاوارەبوو کە هەن، وەکو پۆلینێکی زانیاری لە تەمەن و ڕەگەز لەلایەن دەسەڵاتدارانی وولات کۆنەکراونەتەوە.

- دەستپێکی ساڵی ئەکادیمی ٢٠١٥/٢٠١٤ لە زۆربەی قوتابخانەکان دواخرا، بە تایبەتی لە دهۆك، هەروەك زۆربەی باڵەخانەکانی پەروەردەیی بوونەتە شوێنی نیشتەجێبوون بۆ ئاوارەکان.

## کەل و پەلەکان

پێویستیەکان: .

- هاوکاری فریاگوزاری لەلایەن بەخشەرانی دوولایەنە لە ڕێگەی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر هێواش دەبێتەوە و پێشبینی دەکرێ کە گەشتەکانی فریاگوزاری هاتوو بۆ سەنتەرەکەی هەولێر. گرووپی کەل و پەل هەماهەنگی دەکات لەگەڵ ئۆتچا هاوکاری ڕێکخەری کاروباری مرۆیی و هاوکاران بۆ دڵنیاکردنەوەی ناردن و دابەشکردنی هاوکاری بەخشین.

وەڵامدانەوە:

- گرووپی دابینکارانی کەل و پەل بەردەوامن لە دابینکردنی هاریکاری بۆ ڕێکخراوەکانی کە بارهەڵگری هاتوو وەردەگرن و بەخشینەکان کە لەلایەن حکومەتە ئەوروپیەکان دەنێردرێن و لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر وەردەگیرێن. گرووپی دابینکارانی کەل و پەل ٢١ گەشتی پێداویستی مرۆیی نێودەوڵەتی پاککردۆتەوە لەوەتەی ١٤ی ئاب، گرووپی دابینکارانی کەل و پەل لەگەڵ ئۆتچا ڕێکخەری کاروباری مرۆیی کاریان کردووە بەڕێکخستنی گەیشتنی زیاتر لە ٥٠٠ تەن مەتری چوارگۆشە لە بەخشینە مرۆییەکان لەلایەن بەخشەرانی ئەوروپیەوە.

- گرووپی کەل و پەل ٢٨٧,٦٥ تەن مەتری چوارگۆشە/١٥٢٣ تەن مەتر لە بارهەڵگری ئاژانسی ناوەخۆ بۆ کۆگای دهۆك لەوەتەی ٥ی ئابەوە وەرگرتووە. بارهەڵگەرەکە ئەمانەی تێدایە شوێنی نیشتەجێبوون، خۆراك و پێداویستی ناوماڵ و ماددەکانی پاراستن. گرووپەکە بارهەڵگری ٢٧٣٣٥ تەن مەتر / ١٠٩٧ تەن مەتری سێجای ناردووە؛ و لە دەستی کۆگا لە دهۆك کە ٤٢٥/١٤١٣ مەتری سێجایە.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- گروپی دابینکارانی کەل و پەل بەردەوامە لە زیادکردنی ئۆپەراسیۆنەکان بۆ هاوکاریکردنی هاوکارانی مرۆیی هەروەك توانای دابینکردنی کەل و پەلی خۆیان زیاد دەکات لە ماوەی قۆناغی بەرزبوونەوەی ئۆپەراسیۆنەکان.
- خەزنکردنی زیاتر و گواستنەوە داواکراوە بۆ هاوکاریکردنی بەرزبوونەوەی ئێستا و پێشبینی دەکرێ کە گەیاندنەکان زیاد بکات بۆ پرۆگرامی زستانە.

## گروپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان

پێویستیەکان:

- کۆمەڵگای مرۆیی لە عێراق داوای فریاگوزاری تەکنەلۆجیای زانیاری و خزمەتگوزاریەکانی پەیوەندی دەکات لە گروپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان. دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانی ڕادیۆ لە شارە گەورەکان سەلامەتی و ئەمن و ئاسایشی ستافی مرۆیی مەیدانی باشتر دەکات.
- گروپی کەل و پەل خزمەتگوزاریەکانی ئینتەرنێت دابین دەکات لە کەمپی ئاوارەکان بە ڕێگەدان بۆ پەیوەندی زیاتر کاریگەر و هەماهەنگی ئۆپەراسیۆنە مرۆییەکان.

وەڵامدانەوە:

- پلانەکانی گروپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان بۆ ناردنی فریاگوزاری پەیوەندیە ڕادیۆیەکان لە هەولێرو سلێمانی و دهۆك بۆ باشترکردنی سەلامەتی و ئاسایشی ستافی مرۆیی.
- ژوورێکی ڕادیۆ لە سلێمانی دامەزراوە و دوو بەڕێوەبەری ڕادیۆ دامەزراون. پێشبینی دەکرێ کە باڵەخانەی ڕادیۆ بە تەواوی بکەوێتە کار لەماوەی چەند ڕۆژی داهاتوودا لە دوای کۆتایی هاتنی ڕاهێنانی بەڕێوەبردن.
- خزمەتگوزاریەکانی فریاگوزاری ئینتەرنێت دەنێردرێتە کەمپی ئاوارەکانی دۆمیز لە دهۆك و عەربەت لە سلێمانی. گفتوگۆیەکان لەگەڵ دابینکارانی خزمەتگوزاری ئینتەرنێتی ناوەخۆ لەبەرەو پێشچوون دان. پێشبینی دەکرێ کە خزمەتگوزاریەکانی ئینتەرنێت بەتەواوی بکەونە کار لەماوەی دوو هەفتە.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- کەمی گەشتەکانی بازرگانی بۆ ناو هەرێمی کوردستان – عێراق هێنان و ناردنی ئامێری ئینتەرنێت و تەکنەلۆجیای زۆر گرنگی دواخستووە.

# ڕێکخستنی گشتی

**هەڵسەنگاندنەکانی پێویستی**: هەروەك (ئایسك) لە ساڵی ٢٠١٢ ڕێبەریکردنی ئۆپەراسیۆنی دەرکرد بۆ هەڵسەنگاندنەکانی ڕێکخراو لە قەیرانە مرۆییەکان، لەسەرەتایی وەڵامدانەوەی ڕێکخەری مرۆیی گرووپێکی کاری بەڕێوەبردنی زانیاری هەڵسەنگاندن بۆ هەماهەنگی میکانیزمەکان بۆ فرە گرووپی کەرتی دابینکارانی هەڵسەنگاندنی پێویستی و شیکاری دامەزراندووە. گرووپی کاری بەڕێوەبردنی زانیاری هەڵسەنگاندن ڕاپۆرت دەکات بۆ گرووپی ڕێکخستنی دابینکارانی کەل و پەلی ناوەخۆ. هەموو ئەندامانی گرووپی دابین کاران داوایان لێدەکرێ کە پابەند بن بە ڕێککەوتنی ڕێکخستنی ناو کۆمەڵە بۆ ناو هەڵسەنگاندنەکان بە شێوەیەکی قوڵ لە عێراق، هەروەها بەژدارییپێکردنی زانیاری هەڵسەنگاندن لەگەڵ ڕێکخەری کاروباری مرۆیی (ئۆتچا) بۆ بڵاوکردنەوەی بۆ کۆمەڵگای مرۆیی بۆ کەمکردنەوەی هەوڵی دووبارە و بچووککردنەوەی سوودەکان" ماندووبوونی هەڵسەنگاندن.

**بەڕێوەبردنی زانیاری:** بەردەوام بوون لەگەڵ (ئایسك)ی٢٠١٢ کە ڕێبەریکردنی ئۆپەراسیۆن لەسەر بەرپرسیارەتیەکانی سەرکردەکانی گرووپی کەرتی دابینکاران و ڕێکخەری کاروباری مرۆیی لە بەڕیوەبردنی زانیاری، گرووپی دەستەی زانیاری کاری بەڕێوەبردنی هەڵسەنگاندنی زانیاری دەستەی زانیاری کەمترین ئۆپەراسیۆنی باوی دەرکردووە بۆ بەکارهێنان لە عێراق. دەستەی زانیاری ئۆپەراسیۆنی باو دەستەی زانیاری گرنگن کە بەکاردێن لە هاوکاریکردنی کاری هاوبەشانی مرۆیی لە نێو فرە گرووپی کەرتی دابینکاران. ئەوان وەکو ستانداردی دیفاکتۆ دادەنرێن بۆ کۆمەڵگای مرۆیی لە عێراق و باشترین دەستەی زانیاری دەنوێنێ کە هەیە بۆ هەر وێنەیەك. هەموو ئەندامانی گرووپی دابینکاران، هەروەها بەخشەران، داوایان لێدەکرێ کە دەستەی زانیاری بەکاربێنن. زیادکردن یان هەڵەکان سەبارەت بە  دەستەی زانیاری دەبێ بنێردرێت بۆ:
Iraqinfo@un.org

دەتوانی دەستت بگات بە دەستەی زانیاری لە ماڵپەڕی:

https://www.humanitarianresponse.info/applications/data/datasets/locations/iraq

**زانیاری لەسەر قەیرانەکە**
لەوەتەی کەوتنی موسڵ لە ٩ی حوزەیران، گرووپە چەککدارەکانی ئۆپۆزسیۆن، لەوانە بەعسیەکان، میلیشیا عەشایریەکان و ئەندامانی پێشووی ڕژێم / سەربازی، شان بە شان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و ڕۆژهەڵاتی عەرەبی، ڕووبەرێکی فراوانیان لە پارێزگاکانی عێراق کۆنترۆڵکردووە لەوانە موسڵ، سەلاحەدین و دیالە. شارەکانی موسڵ و تکریت و تەلعەفەر و بێجی و قوایەرە و سنجار و سلێمان بەگ و ڕەشید و حەوێجە و ریاز و فەلەجە و سەقلاویە، ئێستا لەژێر کۆنتۆڵی گرووپە چەکدارەکانی بەرهەڵستکاران دان. لەوەتەی مانگی ١ ڕووبەرێکی زۆری ئەنبار لە ژێر کۆنترۆڵی داعش دایە. ئەمەش بووە هۆی ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی ناوخۆی عێراق. ئێستا عێراق بە گەورەترین دانیشتوانی ئاوارەبووی ناوەخۆ لە هەموو جیهان دادەنرێت؛ زیاتر لە 1.8 ملیۆن ئاوارەبووان هەن لەوەتەی مانگی ١ی ئەم ساڵ.

بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە:

**For further information, please contact:** :
**Barbara Manzi,** Head of Office, manzi@un.org,
Mobile Iraq: +964 (0) 750 312 9201
For more information, please visit https://iraq.humanitarianresponse.info